# تەمەڵی



ئالان خویەکی زۆر خراپی هەبوو. زۆر تەمەڵ بوو، یارمەتی کەسی نەئەدا. دایك و باوکێکی پیری هەبوو. رۆژێکیان دایکی زۆری تینوو بوو، بە ئالانی وت: ئالان گیان ئەتوانی پەرداخێك ئاوم بدەیتێ؟ ئالان بێئەوەی لە جێگەی خۆی بجوڵێ، وەڵامی دایەوە: ئۆف، هەر داوای ئاو لە من ئەکەی، هەستە خۆت بیخۆرەوە! باوکی پێیوت: کوڕم، ئێمە پیر بووین و قاچمان ئەیەشێ. ناتوانین هەستین. ئالان بێ ئەوەی وەڵامیان بداتەوە، هەستاو چووە کۆڵان. لە کۆڵان ژنێکی دراوسێیان لە بازاڕ ئەگەڕایەوە، دوو عەلاگەی قورسی پێبوو، زۆر ماندوو بوو. ئالان کە چاوی پێکەوت، یەکسەر رووی وەرگێڕا بەودیوا، بۆ ئەوەی ژنەکە داوای یارمەتی لێنەکات. ژنەکە لەسەرخۆ بانگی ئالانی کردو وتی: ئەتوانیت کەمێك یارمەتیم بدەیت ؟ ئالان وتی: ببورە، زۆرم پەلەیە، ئەبێ هەر ئێستا بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە. وای وت و رایکردەوە بۆ ماڵەوەو لە جێگاکەیدا پاڵکەوت و خەوی لێکەوت. پاش کەمێك چاوی چووە خەو. لە خەونیدا پیر بووبوو، پشتی چەمابووەوەو ببوو بە باپیرە. هەرچەند داوای لە منداڵێك ئەکرد تۆزێ ئاوی بداتێ، منداڵەکە بەقسەی نەئەکرد، تا ئالانی پیر دەستی کرد بە گریان. ئالان ئەوەندە گریا لە گریانی خۆی خەبەری بووەوە. ئالان کە بۆی دەرکەوت خەونە، کەمێك هاتەوە سەر خۆی، ئنجا دوو پەرداخ ئاوی برد بۆ دایك و باوکی و پێیوتن: بابە گیان، دایە گیان، داوای لێبوردنتان لێ ئەکەم، زۆر پەشیمانم. تکایە لەمەودوا چیتان پێویست بوو زوو پێم بڵێن، ئەگینا لێتان زیز ئەبم!

و. بەدەستکارییەوە: ساکار عومەر رەشید ( ١٤ ) ساڵ

وێنە: غەمگین فەتاح ( ١٥ ) ساڵ